# بەندەکەم سەبارەت بە مردنی پەلەی کرد، بۆیە بەهەشتم لەسەری حەرامکرد

لە جوندوبی کوڕی عبداللەی بەجەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە نێو خەڵکانی پێش ئێوەدا، پیاوێک هەبوو بریندار بوو؛ ئەمە تووشی ناڕەحەتی ونائارامی کرد، بۆیە چەقۆیەکی هێنا وشوێنێکی دەستی بڕی؛ ئەوەندە خوێنی لێدەرچوو هەتاوەکو مرد، خوای گەورە فەرمووی: «بەندەکەم سەبارەت بە مردنی پەلەی کرد، بۆیە بەهەشتم لەسەری حەرامکرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی پیاوێکی لە ئومەتەکانی پێشوو بۆیان گێڕایەوە کە تووشی برینێک ئەم برینە تووشی ناڕەحەتی ونائارامی کرد، بۆیە بێ هیوا بوو لە ڕەحمەتی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، وئارامی نەگرت لەسەر ئەم ناڕەحەتیە بۆ ئەوەی پاداشت وەربگرێت؛ ئەمیش بەهۆی لاوزای ئیمان ویەقین وڕاستگۆیی لە دڵدا، بۆیە پیاوەکە چەقۆیەکی هێنا ودەستی خۆی بڕی هەتاوەکو تووشی خوێنبەربوون (نەزیف) بوو، وخوێنەکە نەوەستا هەتاوەکو پیاوەکە مرد. خوای گەورە فەرمووی (کە شیکردنەوەی مانای فەرموودەکەیە ئەم واتایە دەگەیەنێت): ئەم بەندەیەم چاوەڕوانی ڕەحمەت وشیفای من نەبوو، وئارامی نەبوو بەرامبەر تاقیکردنەوەکانم، بۆیە بەپەلە بوو بۆ ئەوەی بگات بە لای من بە ئەنجامدانی تاوانێکی حەرامکراو، وپێی وابوو ئەجەل وکاتی مردنی خۆی پێش خست وچاوەڕێی ئەو ئەجەلە نەبوو کە من بۆیم دیاری کردبوو؛ بۆیە چوونە بەهەشتم لەسەری حەرامکرد، وئەوەی بێبەش بێت لە چوونە بەهەشت شوێنی دۆزەخە. وبێگومان خودا -سبحانه وتعالى- لە پێشتردا زانست و ویست وقەزا وبڕیاری هەبووە سەبارەت بە کردەوەی ئەم پیاوە خۆکوژە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2981

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee